# تاوانباركردنی شوێن كەوتوانی حەق بەناحەق


م/ عبدالكريم محمد قادر
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی


## بسم اللّٰه الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

كاتێك خوای گەورەو میهرەبان بەرنامەی حەقی ناردە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ هەرلەو كاتەوە لەگەڵ ئەوەی كۆمەڵێكی زۆر لە موسڵمانان بە ڕاستی شوێنی ئەو بەرنامە پاكو جوانە كەوتبوونو بە ئیختیاری خۆیان وە بە یەقینو قەناعەتەوە ئەو ئیسلامەیان قەبوڵ كردو دەعوەو بانگەوازیان بۆی كرد، هەر لەو كاتەوەو تا ئێستاو تا قیامەتیش كۆمەڵە كەسانێك پەیدا بوون كە بوختانو قسەی ناشیرینو سوكیان بە شوێن كەوتووانی حەق دەووتو درۆو بوختانیان بۆ هەڵدەبەستن، دیارە نمونە گەلێكی زۆر هەن كە ڕاستێتی ئەم بابەتەمان بۆ دەردەخات دیارە دیارترین كەسانێكیش كە زۆر بوختانو قسەیان پێ ووترارەو دەوترێت ئیمامە بەڕێزەكانی ئەهلی سوننەو قوتابیەكانیانن، لەبەر ئەوەی بەردەوام ئیمامە بەڕێزەكانی ئەهلی سوننە بەرنامەی حەقو ڕاستی ئیسلامیان وەكو خۆی گەیاندووە بە قوتابیەكانیان ولەسەر ئیسلامی ڕاستەقینە پەروەردەیان دەكردن ئەمە جگە لەوەی بەرامبەر قوتابیەكانیان بەو شێوەیە بوون بەرامبەر موسڵمانانیش هەمان هەڵوێستو گوفتاریان هەبوو، وە بەردەوام بەرامبەر موخالەفاتەكانی دین

لـــه هـــهمو كـــاتو ســـهردهمێكدا وهستاونهتهوهو بـه قورئـانو سـوننهتی ڕاستی پێغهمبهری خوا ﷺ بـهر پهرچـی ئهو موخالهفاتانهیان داوهتهوه، ههمیشه پارێزگارییـان لـهو ئیسلامه پـاكو جوانـه كردووه له ههر بارێكدا بووبێت، لـهكاتی خۆشـــیو ناخۆشـــیدا لـــه كـــاتی دهوڵهمـــهنێتیو ههژاریـدا وه لــه كـاتی گــرتنو ئــازارو ئهشــكهنجهدا هـــهمان ههڵوێستو هـهمان مـهوقیفیان بهرامبـهر قورئانو سوننهت ههبووه (ڕهحمهتی خوا لـه هـهموویان بێـت)، ئیمـای (الـــذهبي) (ڕهحمـهتی خـوای لـێ بێـت) لـه كتێبـی: (ســير أعــلام النــبلاء ) لـه بـهرگی(١٣) لاپهڕه(١٧٤)دا دهفهرمێت به(عبدالوهابی كـوڕی الوراقیــان) ووت، ئهگــهر هــاتوو كهسـێك قـسهی ووت بــه(أبي طالـــب و مروزي) كه دوو قوتابی ئیمام ئهحمهدن (ڕهحمهتی خوایان لێ بێـت) وه ئیـسلامی ڕاسـتهقینهیان لـه ئیمـامی ئهحمـهدهوه وهرگرتـــووه ئایـــا لــــهو كهســـه دوور بكهوینهوه باشتر نییه؟ فـهرمووی: بـهڵێ دووركهوتنـهوه باشـتره چـونكه ئهوانـهی ئهو قسهیه دهكهن ناوهڕۆكیـان ناڕاسـتهو

نیهتیان خراپه، وه كاتێك قسه دهكرێت بـــه قوتابیـــهكانی ئیمـــامی ئهحمـــهد مهبهســتیان خــودی ئیمــام ئهحمــهده (ڕهحمـهتی خـوای لێ بێـت) ئـهم ئـسلوبه واته قسه ووتـن بـه قوتابیـهكانی ئیمـامی ئهحمــهدو مهبهســتیان خــودی ئیمــامی ئهحمهده ئهوا شـتێكی ڕوونو ئاشـكرایه، ڕێگهیهكه كهسانی ئههلی بیدهع دهیگرنـه بهر بۆ تانهدان له زانایانی ئههلی سوونهو هـهڵگری سـوننهتی پێغهمبـهر ﷺ كـه بـه ڕاستی بـانگی خـهڵكی دهكـهن بـۆ شـوێن كـهتنی سـوننهتی پیغهمبـهر ﷺ وه بـه ڕاسـتی نیـشانهن بـۆ ڕۆشـن كردنــهوهی ڕێگـهی پێغهمبـهری خـودا ﷺ بـه حـهق، بهڵام ئهوانهی كه مهنهجێكی تێكـهڵ لـه حـهقو بـهتاڵیان ههیـهو گـومڕانو تانـهو قسه ووتن بـه زانایـانو شـوێن كـهوتوانی حهق بۆته وویـردی سـهر زمانیـان بیریـان لـهوه كردۆتـهوه لهكـهدار كردنـی شـوێن كـهتوانی حـهق بـهوه باشـه بۆیـان كـه خــهڵكیو موسـڵمانان دووربخهنـهوه لـهو زانایانهی كه به ڕاستی خزمهتی سوننهتی پێغهمبــهری خوایــان ﷺ كــردووه بــه ههستی خۆیـان گـهر بێـتو ئـهمان تانـهو

قسە بە حەق‌و شوێن کەوتوانی حەق بلێن ئیتر خەڵکی حەقیان لا سووك دەبێت‌و ئیتر ئەمانیش چۆنیان بووێت ئاوها لە خەڵکی بکەن، بۆیە (ئەحمەدی کوڕی حسن) یەکێکە لە زانایان بە ئیمامی ئەحمەدی فەرموو: لای (ابـــن قتيلـــة) کابرایەك هەبوو لە مەککە دادەنیشت لە زەمانی ئیمامی ئەحمەددا ئەم قسەیەیان ووت: ووتیان ئەو کابرایە باسی شوێن کەوتوانی حەدیس دەکات بە خراپەو دەڵێـــت شـــوێنکەوتووانی حەدیـــسی پێغەمبـــەر ﷺ قـــەومێکی خـــراپن کاتێـك ئیمامی ئەحمەد گوێی لەم قسەیە بوو هەستایە سەر پێ‌و جلەکانی تەکاندو هەستاو ڕۆیشت‌و فەرمووی: (زنـــديق زنديق) فەرمووی: هەرکەسێك ئەو قسەیە بکات زەندیقە، پاشان چووەوە بۆ ماڵ (ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (مجموع الفتـــاوى) دا دەفەرمێت: (ئەو قـــسەیەی ئیمـــامی ئەحمـــەد ئـــەوە دەگەیەنێت کە ئیمام زانیوویەتی ئەهلی اهوا مەبەستیان چی‌یە کاتێك قسە دەڵێن بە شوێن کەتووانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێ بەڕاستی چاك لێیان تێگەیشتووە ڕەحمەتی خوا لە ئیمامی ئەحمەد بێت جا ئەوەی قسە دەڵێت بە شوێنکەوتوانی حەق بە ڕاستی کەسێکە لای داوە لە کارکردن بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بەڵام زانایانی ئەهلی سوننەو شوێن کەوتوانی بەڕاستی ڕێز دەگرن لە شوێن کەوتوانی حەق‌و خۆشیان دەوێت بۆیە ئەمەیە حەق لای ئەهلی سوننە بۆیە ئیمای (قتيبەی کوڕی سعيد) لە کتابی (الإيمـــان) دا دەفەرمێت: ئەگەر پیاوێکت بینی خۆشەویستی هەبوو بۆ (سوفیانی ثوري و مالیکی کوڕی ئەنەس‌و ئەوزاعی‌و شافعی) -ئەمانە وەك چەند نمونەیەك- وە بزانە کە ئەو پیاوە ئەهلی سوننەیە، چونکە کەسانێکی خۆش دەوێت ئەهلی سوننەن. هەروەها(خطيب البغـــدادي ) لە کیتابی (الكفايـــــة)دا بۆمان نەقڵ دەکات‌و دەفەرمێت: (ابو ذرعة راضى) دەفەرمێت: ئەگەر دیت کەسێك سوکایەتی دەکات بە یەکێك لە ئەصحابەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بزانە ئەو کەسە زندیقە لەبەر ئەوەی ئێمە پێغەمبەری خوا ﷺ بە حەق دەزانین‌و کەللامی خودایش بە حەق دەزانین، وە ووتەکانیشیان بە حەق

دەزانـــین، باشـــە ئەگـــەر ئەصـــحابە بەڕێزەکان ´ نەبوونایە کێ ئەم حەقەی بە ئێمە دەگەیاند، ئەگەر ئەوان بۆمانیـان بـاس نەکردایـە کـێ فێـری دەکـردین کـە حەق‌و ناحەق و باشـەو خراپـە، لێـك جیـا بکەینـــەوە، پاشـــان فـــەرمووی: ئـــەهلی ئـــارەزوو ئـــەهوا دیانـــەوێت شـــاهێدەکانی ئوممـەتی محمـد ﷺ بریـنـدار بکـەن واتـە: ئەصحابە ´ بەڵام حەقە خۆیان لەکەدار بکـرێن چـونکە ئەوانـە لایـان داوە لــە مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ کەواتە برایـان بـا چـاك بـزانین تانـەدان‌و قـسە ووتــن بــە زانایـان‌و قوتابیـەکانیان مەبەسـتیان پــێ شەخصی خۆیان نییە، بەڵکو مەبەسـتیان پێی تانە دانە لە مەنهەجیان کە مەنهەجی پێغەمبەرە ﷺ مەبەستیان پێ ئەوەیە کە دەعـوەی حـەق وەك خـۆی نەمێنێتـەوەو خـەڵکی لەسـەر ڕێگـای ڕاسـت چەواشـە بکرێت ئەوە مەبەستی سـەرەکیانە، بۆیـە ئیمـامی ئەحمـــەد لـــە ووتەیـــەکی تـــردا دەفەرمێت: ئەگەر بێت‌و پیاوێك تانە بدات لە (حمادی کوڕی سلمة) چاك بزانـە ئـەوە دەسـتێکەو دروسـت کـراوە بـۆ ئـــەوەی ئیـسلامی پـێ لەکـەدار بکرێـت، چـونکە (حمادی کوڕی سلمة) زۆر توندو تیژ بـووە بەرامبەر ئەهلی بیدەع‌و خیانەت کاران لە مەنهـەجی پێغەمبـەر ﷺ ئـەهلی بیـدەع بەرامبەر زانایان‌و قوتابیەکانیان لە کۆنـدا ئەوە هەڵوێستیان بووە، شوێن بـە شـوێن ئەوانـــداو بـــەدوای مەنهـــەجی ئەوانـــدا تانەدان‌و قسە ووتن‌و بوختـان هەڵبەسـتن بۆ زانایانی ئەهلی سـوننە لـەم ڕۆژگـارەدا بۆتە شتێکی باو لـەناو شـوێن کـەوتووانی ئەهلی بیدەعدا وەکو تانـەدان لـە (شـــیخ الإسلام ابن تيمية وابن القيم وبن بازو شيخ الألباني وشـــيخ العثـــيمين)، (ڕەحمـەتی خوایان لێ بێـت) وە لـە وێنـەی ئـەوان وە تانەدان لـە قوتابیـەکانیان وەکـو ئـەوەی دەڵێن ئەمانە بە کـرێ گـیراوی حکومـەتن یان بێ ئاگـان لـە بـارودۆخی ڕۆژگـار یـان ترسنۆکن لە کاتێکدا ئەم زانا پایە بەرزانە لـــە هــــەوڵی بەردەوامـــدا بـــوون بـــۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری هەردوو وەحیەکـە (قورئـان‌و سـوننەت) ئەگـەر ئـەوان پێـی بـــزانن ئـــەوە تانەدانـــە لـــە ســـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ وەتانەدانـە لـە سـوننەت‌و دەعوەی پێغەمبـەرە ﷺ چـونکە زانایـان میراتگـــری پێغەمبـــەرانن، میراتـــی

پێغەمبەرانیش بریتی بووە لە جێ هێشتنی زانستو زانیاری کە ئەمانیش پارێزگاری ئەو زانیاریانەنو دەیگەیەنن بە شێوەیەکی ڕاستو دروست (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) کەواتە ئەو تاریکایەی کە دەیبینین لە لایەن تانەدارانەوە بەرپا کراوە پێویستە پێشی پێ بگرین، وە پێویستە کەسانێکی دڵسۆزو خەمخۆرو ڕاستگۆ لەگەڵ دینی خودا لە موسڵمانان هەبن تا بەردەوام بەرپەرچی قسەو تانەو تەشەرەی ئەهلی بیدەع بدەنەوە، وە هەڵەو کەمو کورتیەکانیان بۆ خەڵکی باس بکەن تا موسڵمانان لێیان دوور بکەنەوەو بە قسەو هەڵسوکەوتیان هەڵنەخەڵەتێن، ئەهلی بیدەع هەموو ڕەێگەیەك دەگرنە بەر بەرامبەر شوێن کەوتوانی حەق بە تایبەتی زانایانو قوتابیەکانیان بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکی سوکیان بکەن جا بە قسە پێ ووتن بێت یان بە نووسین بێت لەسەریان وەك ئەو نامیلکەیەی لەسەر (شێخ بن باز) نوسراوە کە گەلێك درۆو تانە دراوەتە پاڵی کە ئەو لێی بەرییە، وە هەر لەو نامیلکەیەدا وەعدی ئەوە دراوە کە لەسەر (شێخ ئەلبانی) بنوسرێت (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خوا دەزانێت چەندێ تانەو تەشەرە ئاراستەی دەکرێت لە کاتێکدا (شێخ ئەلبانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو کەڵە پیاوەی ئیسلام کە بۆ ماوەی(٦٠ساڵ) خزمەتی سوننەتی پێغەمبەری خوای ﷺ کردووە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم پیاوە لە خزمەت کردن بە ئیسلام بێزار نەبووەو تەوقەی لەگەڵ هیچ تاغوتو ستەمکارێکدا نەکردووەو لەسەر سفرەیان نانی نەخواردووە، کەچی تانەداران ئەم پیاوەو هەموو زانا پایە بەرزەکانی شوێن کەوتەی حەق بە پیاوی سوڵتەو ترسنۆكو باوەش کردوو بە دونیادا ناوزەند دەکەنو لە کەسایەتیو حورمەتو ڕێزیان دادەگرن، یەکێك لە قوتابیەکانی خۆی کە ماوەی بیستو ئەوەندە ساڵ لەگەڵیدا بوو دەڵێت: ڕۆژێکیان لە شێخم پرسی تۆ تاکو ئێستا لەگەڵ هیچ تاغوتێکدا تەوقەت کردووە؟ پێمی فەرموو: نەخێر، ووتم: تا ئێستا لەگەڵ هیچ تاغوتێکدا نانت خواردووە؟ فەرمووی: نەخێر پاشان پەلاماری دەستیم داو وویستم ماچی بکەم بەڵام

نەیهێشت، ووتم: بە ڕاستی حەقە ئەو دەستە ماچ بکرێت کە لەگەڵ هیچ تاغوتێکدا تەوقەی نەکرد بێتو لەسەر سفرەی نانی نەخواردبێتو لەگەڵ هیچ تاغوتێکدا هەنگاوی نەنابێت، بەڕاستی سەیرە کە لەم ڕۆژگارەدا لێرەو لەوێ دەیبیستین کە هەندێ گەنجی نەزانو هیچ نەدیوو جنێو دانو تانە لێدانیان لەم پیاوە بەڕێزەیان کردوە بە پیشە، بێگومان بە تەوجیهاتی سەرەوەیان ئەم ڕەوشتە فێر بوونە ئێمە دوعا بۆ ئەو گەنجە پاكو جوانانە دەكەینو لە خوا داواكارین كە خوای گەورە هیدایەتیان بدات بۆ ڕێگای ڕاست بەڵام تێ ناگەین بۆ دەبێت جنێو بەم كەڵە پیاوانە بدرێت!؟ لە پێناو چیدا؟! چی زیانێك لەو پیاوە بەڕێزانە دەكەوێت؟ وە پاشان چ زیانێك دەدرێت لە ئیسلامو شوێن كەوتوانی حەق بە ڕاستی كارەكەیان بێ سودە چونكە وەعدی خوایە كە دەبێت ئەوەی حەقو ڕاستە سەربكەوێتو ئەوەی خراپە دەبێت ژێر بكەوێت، جا هەرچەندە دۆستو دوژمنی ئەو بڕیارە ئیلاهیە زۆربن، بەڕاستی تانەدان لەم كەڵە پیاوانە(شیخ ابن باز و شیخ الألباني، شیخ العثیمین)و وێنەی ئەوانیش لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر كار بەناو ئیسلامەوە دەكرێت لە كاتێكدا ئیسلام لە هەموو ئەو كارانە بەرییە، ئەم پیاوە بەڕێزانەیش هەڵدەستان بە ڕوونكردنەوەی ئیسلامی ڕاستەقینەو بە خەڵكیان ڕادەگەیاندو لە كۆڕو موحازەرەكاندا باسیان دەكردو نامیلكەیان لەسەر دەنووسیو بڵاو كرایەوە بەڕاستی وەك گورزێكی كوشندە زیانی دەگەیاند بە ئیشو چالاكیەكانی ئەهلی بیدەعو لەكاری دەخستن، ئەهلی بیدەعیش بەم كارەی ئەم كەڵە پیاوانە زیانیان لێ دەكەوتو خەڵكیان لێ دوور دەكەوتەوە بۆیە ئەمانیش زۆر بە شێوەیەكی بێ ویژدانانە كەوتنە تانەو توانج دان لەم پیاوانەو هەزارەها بوختانو درۆو قسەی نابەجێیان بۆ هەڵبەستن بۆ ئەوە خەڵكی لێیان دوور بكەوێتەوەو گوێ بۆ قسەیان نەگرن، لەپاش مردنیشیان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) كۆتاییان بەم كارەیان نەهێناوەو بەردەوامیش دەبێت تا ڕۆژی قیامەت، لەگەڵ هەموو ئەم كارە

ناشیاوەیان کە بەرامبەر ئەم کەڵە پیاوانە دەیکەن هێشتا ناتوانن بە شێوەیەکی یەکجارەکی دەست بەرداری قسەو فەتوای ئەم پیاوە بەڕێزانە بن، لە لایەکەوە قسەیان پێ دەڵێنو لە لایەکەوە ئیعتیماد دەکەنە سەر قەولو قسەو فەتواکانیانو قسەکانیان، هەڵبەت ئەو قەولو فەتواو کتابانەی کە خزمەتی خۆیو کۆمەڵەکەی دەکات، لەم کاتانەدا شێخو عالمو زاناو موجتەهیدنو لەو لاشەوە ترسنۆكو خزمەتکاری سوڵتەو بەکرێ گیراون، سبحان الله لەم ویژدانو ئینسانیەتو موسڵمانێتییە !.

تاوانبار کردنی شوێن کەوتوانی حەق بە ناحەق لەو کاتەوەی ئیسلام هاتووە دەستی پێ کردوەو تا ڕۆژی قیامەتیش بەردەوام دەبێت، بەڵام هەمیشە ئەوانەی خۆیان بە شوێن کەوتەی پێغەمبەر ﷺ دەزانن لە خوشكو برایانی موسڵمانم حەقە چاك شارەزا بن لە هەڵوێستی ئەو زانایانە بەرامبەر ئەو کارانەی کە لە جیهاندا دەکرێت بە ناو دینەوەو موخالەفەی ئیسلامە، هەروەها حەق وایە چاك تێ بگەین بەرامبەر ئەو کارانەی کە ئەهلی بیدەع ئەنجامیان دەدەن بەرامبەر ئەم کەڵە پیاوانە بۆ ئەوەی بەڕاستی زانا پایە بەرزەکانمان خۆش بوێتو پشتگیریان بکەین، هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر ئەهلی بیدەعو شوێن کەوتوانیان بناسینو خۆمانیان لێ بپارێزین، ئەم سێ پیاوە بەڕێزەو وێنەی ئەمانیش فەتوایان لەسەر کۆچ کردن بۆ وڵاتی کافرانو مانەوە تێیدا بە بێ عوزرێکی شەرعی بە حەرام دەزانن، بەڵام سەیرە ئەوەی قسە بەم کەڵە پیاوانە دەڵێت خۆی لە وڵاتی کوفردا ئیقامەی وەرگرتووە لەگەڵ ئەهلی ئەو وڵاتەدا دەژێت لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(أنا بريء من كل مسلم يقيم بين أظهر المشركين . قالوا يا رسول الله ﷺ ولم؟ قال لا تراءى نارهما)(١).

واتە: من بەریم لە هەموو موسڵمانێ کە نیشتەجێیی هەڵبژێرێت لە نێوان هاوبەش

(١) (رواه أبوداود والترمذي والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن أبي داود : ٢٦٤٥، وصحيح سنن الترمذي: ١٦٠٤وصحيح سنن النسائي : ٤٤٤٨، والسلسلة الصحيحة: ٦٣٦) .

پەیداکەران، دەبێت ئەوەندە لە یەکتر دوربن ئاگری یەکتری نەبینن.

زۆر سەیرە لەو لاوە قسە بە ئەوان دەڵێن و لەولاشەوە ڕازییە لە وولاتی جولەکەو گاوردا بژی و ژیانیان لەگەڵدا بەسەر ببات.

ئەرە خوشکان و برایان حەقێتی وادەبێت؟! شوێن کەوتنی حەق وا دەبێت؟! ئیدیعا کردن و بانگەشە کردن بۆ شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ¢ وا دەبێت؟!

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم بە چاکی لە حەق تێگەیشتبێتین و کاری پێ بکەین چونکە هاوکێشەی پرسیارەکان ئاڵۆزو دۆزینەوەو جیا کردنەوەی حەق لە ناحەق زۆر ئەستەم بووە، بۆیە داواکارین لە خوای گەورە کە زیاتر هیدایەتمان بدات بۆ سەر حەق و کار کردن پێی، وە بمانکات بە برای ڕاستەقینەی یەکترو وامان لێ بکات لەیەکتر تێ بگەین پێش ئەوەی بڕیار بدەین، وە ئیصلاحمان بکات بۆ کاری چاکەو تەوفیقمان بدات بۆ هەموو قسەو کارێکی خێر.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.